

ئێران ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لە کاتژمێرەکانی داهاتوودا

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە زاری دوو بەرپرسی باڵای ئەمەریکی و ئێرانییەوە بڵاویکردۆتەوە، کە تاران ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لە کاتژمێرەکانی داهاتوودا، وتەبێژی سوپای ئیسرائیلیش دەڵێت، "ئەمەریکا ئێمەی ئاگادارکردووەتەوە کە ئێران بەنیازە هێرشی موشەکی بکاتە سەر وڵاتەکەمان".

جگە لەو دوو سەرچاوەیەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە ئاژانسی ئەکسیۆسی ڕاگەیاندووە، ئێران ئامادەکاری دەکات بەمزووانە هێرشی موشەکی بالیستی بکاتە سەر ئیسرائیل.

ئەو بەرپرسەی باڵایەی ئەمەریکا دەشڵێت، "ئێمە چالاکانە ئامادەکاری دەکەین بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیل لە بەرامبەر هێرشی چاوەڕوانکراوی ئێران".

ئاماژەی بەوەشکردووە، هەر هێرشێکی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لێکەوتەو سزای توندی بۆ سەر تاران لێدەکەوێتەوە.

ئیسرائیل لە هێرشێکی چاوەڕوانکراوی ئاگادارە، دانیا هاگاری، وتەبێژی سوپای ئیسرائیل ئاماژەی بەوەکرد، واشنتن لە هێرشی ئاسمانی ئێران ئاگاداریکردوینەتەوە.

ئەو بەرپرسەی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەشکرد، هەر هێرشێکی ئێرانی دەرئەنجامی کارەساتباری بۆ ئێران لێدەکەوێتەوەو وڵاتەکەی بۆ بەرگری ئامادەیە.

ئەوەش لەکاتێکدایە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە، سوپای ئیسرائیل دەستپێکردنی هێرشی وشکانی سنوورداری بۆ باشووری لوبنان ڕاگەیاند و وتەبێژەکەی سوپای ئیسرائیل لەوبارەیەوە وتی، "ئەگەر لوبنانە و وڵاتانی جیهان نەتوانن حیزبوڵڵا لەسنورەکانمان دوربخەنەوە، هیچ بژاردەیەکمان نامێنێت جگە لەوەی خۆمان ئەو کارە بکەین".

دانیال هاگاری ئەوەشی وت، "ئەم هەڵمەتە زەمینییە مۆڵگەکانی حیزبوڵڵا دەکاتە ئامانج کە هەڕەشە لەشارۆچکەکانی ئیسرائیلە و یەکەکانی نیشتەجێبون لەسەر سنوورمان دەکات، حیزبوڵڵا گوندەکانی لوبنانی لەتەنیشت گوندەکانی ئیسرائیل کردووەتە بنکەی سەربازی، هەمویان ئامادەن بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل".